# هەڵسەنگاندنێکی تیۆریيانە

# لە دینامیەتی شاعیرە دووفاقییەکان

**پرۆفیسۆر د.زاهیر لەتیف کەریم**



ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی و شیعر بە تایبەتی، کەرەستەیەکی بەنرخی مرۆڤایەتییە نەك پێشێلکردنی. یەکێك لە پێداویستییەکانی نووسینی شیعر، کەشوهەوایەکی سەربەخۆیە، تا شاعیر بتوانێت ئەو خەیاڵو واقیعەی کە مەبەستێتی بۆی بخرێتە نێو چوارچێوەی هەڵبەستیەوە. ئەمەش لەپێناو پاراستنی پیرۆزی دەقەکەیەتی کە هەر بەشێكو هێڵکارییەك لەو دەقەیدا ئاماژەیە بە داهێنانو ڕاستگۆیی ئەو قەبارەیەی (كتلة) کە مەبەستێتی تا کارەکەی لە ئایندەدا نەبێتە گاڵتەجاری مێژوو و چەمکە کۆمەڵایەتیو فیکریو سیاسیو کارە هونەرییەکانیەوە.

ئێستاکە، نەك ئەمڕۆکە، هەست بە دوو جۆر شاعیر دەکەین، یەکێکیان ئەوانەن کە لە هەموو ڕوویەکەوە دوو فاقن (الازدواجیة) بەپێی بۆچوونی خۆیان منەتیان بە ئەزموونو سەرچاوەکان نیەو خۆیان دەستەڵاتو فەلسەفەو پێوەرن. چونکی، بە لای خۆیانەوە، بە خەیاڵ سەرجەم فەزا مەعریفییەکانیان بڕیوە. دووەمیان ئەو کۆمەڵەن کە لە ڕێگەی ململانێی هونەرو ماناو کارو کاردانەوەو هاوکێشە بابەتییەکانو پەیوەندییە لۆجیکییە شاراوەو ناشاراوەکانی وشەو فرێزو ڕستەو برگەکانو یاسا ڕەخنەییەکانی لوسیان گۆڵدمانو جیرار جینێتو دریداو سۆسێرو چۆمسکی..هتد کاردەکەنو هەمیشە لەودیو دیواری کۆمەڵەی یەکەمەوەن.

ئەوەی خوێنەری نمونەیی بێت، ئەوا ئەو هەستەی لا دروست دەبێت کە پێویستە پەیوەندییەکی بەهێز هەبێت لە نێوان بەرهەمهێنەرو نامەو وەرگرو دەوروبەردا (کۆمەڵایەتی،سیاسی، ڕۆشنبیری)، چونکی ئەدەب لە بنەڕەتدا




مەڵبەندێکی کۆمەڵایەتییە و بەرهەمهینەریش بەرپرسێکی هەرە گەورەی ئەو مەڵبەندەیە..خۆ ئەگەر بەپێی تیورەکانی سۆسێرو چۆمسکی کار بکەین، ئەوا هەر زوو بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو بەرهەمهێینەرە کێیە..

سۆسێر ئاماژە بە بابەتە بنەڕەتییەکانی دەق دەکات کە لە زمانەوە دەتوانێت سەرجەم کۆدو داتاکان ڕاڤە بکات و کارنامەکانی دەق، کە یاکۆبسن جەختی لەسەر کردوە، بە کاری خۆی هەڵبستێت بێئەوەی هێزە ماتریالیزمەکان بتوانێت گوشار بخاتە سەریان.. چۆمسکییش جەخت لەسەر گواستنەوەی بەهرە دەکات بۆ کارێکی داهێنان لە ڕێگەی: توانا‌و لێهاتوویی‌و ئەنجامگەیاندن‌و هێز... واتە زانستێتی دەق خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە پێویستە ڕێککەوتنێك هەبێت لە نێوان وشەو دەنگو ڕستەو برگەو وێنەو هێماو بەرهەمهێنەرو نامەو وەرگر، تا یەکە بچووکەکان بەبێ بەها وەك خۆیان نەمێننەوە، لە لایەکی تریشەوە ڕۆڵێکی باش ببینن بۆ دەستنیشانکردنی میتۆدی دەقەکەو میتۆدی دەقەکەش پێویستە لە ڕێگەی ئەزمونە کۆمەڵایەتی‌و فیکری‌و سیاسی‌و ئەدەبی‌و هونەری دراوسێیەتییەکانی سێ کوچکەکەی یاکۆبسنەوە بێت (بەرهەمهێنەر– نامە – وەرگر).

لە بۆچونەکەی سۆسێردا پێویستە جیاوازییەك بکرێت لە نێوان زمانی گشتی کە تاك ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت‌و قسەکانیان لەسەر بنەمایەکی سەرچاوەیی بینا ناکرێت، لەگەڵ زمانی ئەدەبی کە تاك و تاکەکان ڕێکدەکەون لەپێناو بینا کردنی گوتارێکدا (2:1) واتە، جیاوازییەکە لێرەدا زمانە ئەدەبی‌و هونەریەکە دروستی دەکات، کە بریتیە لە کۆمەڵێ یاسای گشتی کە کار دەکاتە سەر واتاکانی تاك، تا لەسەر ئەو یاسایانە بڕوات‌و دواتر بچێتە نێو کرۆکی گوتارەکەوە. لێرەدا مەرجی سەرەکی بۆ هەر بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری، پێویستە دیراسەی خەسڵەتە چۆنێتییەکانی ئەو بابەتانە لە ڕووی نموونە داخراوەکانی ناوەوەی دەق بکرێت لەگەڵ جۆری ئەو پەیوەندییانەی کە ڕەخنەگر گریماس لە بواری گێڕانەوەو گێڕانەوەگەریدا، جەختی لەسەر کردوە، کە هیچ وێنەو بابەتێك لە بازنەی بکەرو بابەت‌و یارمەتیدەرو ئۆپوسوسوزیندا لەخۆڕا نەهاتووە...

کەمال ئەبو دیب دەڵێت: شیعر پێویستە خاوەن کەسێتییەکی زۆر وردو گشتگیر بێت، تا بتوانێت پەیوەندییەکان بدۆزیتەوە، نەك تەنها هەر پەنابردنە بەر بێت بۆ سەرواو و کێش و ریتم و هەڵچوون‌و هەڵوێستەیەکی فیکری بەبێ ئەوەی خاوەنەکەی بیر لە جۆری کارنامەو پەیوەندییەکانی بکاتەوە. چونکی ئەگەر کار وا بڕوات، ئەوا بە ئاسانی تۆڕی پەیوەندیەکانمان بەرەو پساندن و شکاندن دەچێت (21:11–23)، بەڵکو ،لەهەمانکاتدا، قولایی مەبەستیشمان لەدەست دەچێت. مەبەستیشمان لە قولایی مەبەستێتی دراوسێیەتی ئیستاتیکای دەقەکەیە، کە نابێت تەنها پشت بە فۆڕم‌و ماناکانی دەرەوەی ببەستێت، چونکی هەروەك مالارمیە بۆی دەچیت، دەقی ڕاستەقینە ئەو دەقەیە کە تەنیا پڕکردنەوە نەبێت بە قسەی قەبەو لەولاشەوە شتە سەرەکیەکانمان لەدەست بچێت، کە ئێمەی خوێنەر بە دوای ئەو

شتانەدا دەگەڕێین[3:13]. بەڵکو وەك گریماس بۆی چووە، دەقەکە پێویستە لەسەر بنەمای قۆناغەکانی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی زنجیرەیی سەرهەڵبدات. بۆ ئەمەش تەنها ئاماژەی بە سیستمی ستوونی، بەبێ هێڵکاریو پراکتیزە، کردوە[35:10]. نووسەری ئەم لێکۆڵینەوەیەش لە لێکۆڵینەوەیەکی هاوبەشدا لەگەڵ د.نیان نەوشیروان، بە نێوی گێڕانەوەگەری و جیڕی (السردية والمرونة) لە ئەدەبی بەراوردا – گۆڤاری زانکۆی سلێمانی/ ژمارە 2004/13، هەوڵمان داوە لە پاڵ سیستمەکەی گریماس سیستمێکی تریش بە نێوی ئاسۆیی بە پراکتیكو هێڵکارییەوە زیاد بکەین.

بە پێی سیستمەکەی گریماس هەموو دەقێك بە سەرەتاو کۆتاییەك دەبڕێتەوە، بەڵام بە پێی بۆچوونەکەی ئێمە،ئەم سیستمە خۆی لەم شێوەیەدا دەبینێتەوە: پێش سەرەتا، سەرەتا، کۆتایی، دوای کۆتایی. بۆ ئاسۆییەکەی ئێمەش، شێوەکە بەم شێوەیەیە: سەرەتا – کۆتایی –دوای کۆتایی. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە لێکۆڵینەوەکەی سەرەوەمان). ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم گۆڕانکارییە بۆتە هۆی لەدەستدانی قەبارەو دوورکەوتنەوە لە چۆنیەتی بابەتەکە، بەڵکو هەوڵمان داوە لە ڕێگەی ئەو زیادکردن و گۆڕانکارییەوە زیاتر بە شێوەیەکی هێمنانەو زنجیرەییانە بچینە نێو دەقەکەوە، تا بتوانین لە دەقێکی داخراو و سنورداردا نەمێنینەوە. ڕەخنەگرە بونیادگەرەکانیش خۆیان تەنها نابەستنەوە بە یەك هێڵو ڕەنگو واتاوە، بەڵکو هەمیشە دەگەڕێن بە دوای چەندایەتی ماناکان و دۆزینەوەی ڕێگەکانی دالو مەدلولو وێنە شاراوەکان...

ئەمەش ئەوە دەگەیەنیت کە ڕووبەری بیرکردنەوەی دەقو خاوەنەکەیو وەرگر ڕووبەرێکی دیاریکراوی نییە تا گوشار بخاتە سەر خۆینەر، کە خۆینەر بۆی نەبێت زیاتر بچێتە نێو کاری ڕاڤەکردنەوە (التاويل)، ئەمەش لە کاتێکدا ئەنجام دەدرێت کە پەیوەندییەکانی کەرەستەی دەق بە هەر سێ جۆری پەیوەندییەکەوە: پلەیی، دژایەتی، تەواوکەری (المرتبية،الضدية،التكاملية)، پێویستە لە خزمەتی قەبارە بنەڕەتییەکەدا بێت – بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ئەم سێ جۆرە پەیوەندییە بڕوانە لێکۆڵینەوەی هاوبەش بە نێوی (التقابلات في الادب المقارن) گۆڤاری زانکۆی سلێمانی/ ژمارە 10/ 2003. کە نوسەری ئەم لێکۆڵینەوەیەو د.نیان نەوشیروان ئەنجامیان داوە. بەڵام هەروەك بارت بۆی دەچێت ئەگەر چەندیەتی ماناکان تەنها بۆ نمایشکردنی وشەو زاراوە فەرهەنگیو دەرخستنی ناوی خاوەن دەق بێت، ئەوا هەر زوو دوورمان دەخاتەوە لە یاسای چەندیەتی ماناکان، چونکی لەپێناو خزمەتی مانا سەرەکییەکاندا کاری نەکردوە[4:14].

لۆکاش وای بۆ دەچێت کە ئەدەب ئاوێنەی واقع نییە، بەڵکو هەوڵدانێکە بۆ تێگەیشتنی واقعی ناوەوەو دەرەوە. هەر لەبەر ئەمەشە وتراوە کارەکانی فلوبیرو زولا زۆر لایانداوە لە وێنەکانی واقع، چونکی وێنەکانیان وێنەیەکی ڕاستگۆیانەی واقع نەبوون و زیادەڕۆیان تێدا کردوە. بە ڕایەکەی لوکاش هەموو ئەدیبێکی واقعی گەر بە هەمان هەڵەی ئەم جۆرە نوسەرانەدا بڕوات، ئەوا دور دەکەوێتەوە لە ڕاستێتی واقعی ئەدەبیو هونەری، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم نوسەرانە لە بنەڕەتدا کاریان بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی نەکردوە، بەڵکو پەیوەستێتییان بە جیهانێکی ترەوە ئەوەندە فراوانو بەهێز بوە نەیانتوانیوە لەو هێڵەی کە بۆیان دەستنیشانکرابوو لا بدەن[11:12]، یان بە هۆی ڕیکلامەکانەوە ئەو یەقینەیان لا دروست بووە کە ئەمانە شتن، ئەوەش هەستی بەم کارە کرد تیورەکەی لوسیان گۆڵدمان بوو – التكوينية Generative– کەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەستەوە بە کارە ئەدەبیو زهنییەکانەوە.

بەلای گوڵدمانەوە هەموو بنەمایەکی زهنی بەرپرسێتییەکی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە سەر کە مەرج نییە لە تاکەوە سەر هەڵبدات تا تاك بکات بە پاڵەوانێکی سەرەکی ئەم پەیوەندییە. بە مانایەکی تر، ئەم تاکە ناتوانێت ڕۆڵی هەموو

کەسایەتییە لاوازە کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵ بگرێتە ئەستۆ.. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ڕۆڵی تاك لاوازە، بەڵکو گولدمان پێی وایە ئەگەر کارەکە لەسەر ئاستی تاکەکان بڕوا، ئەوسا دەشێ تاك بە مەیل و ئارەزووەکانی خۆی هەڵسوکەوت بکاتو لە ئەنجامیشدا دەکەوێتە هەڵەی فەلسەفیو فیکریو سیاسیو هونەرییەوە(123:6).

لێرەدا، پێویستە پەیوەندی نێوان بەرهەمهێنەرو نامەکەیو وەرگر پەیوەندیەکی دژایەتی نەبێت تا کار بگاتە ئەوەی هەر یەکەیان سەربەخۆ کار بۆ خۆی بکات، بەمەش کەرەستە هونەریو ئیستاتیکیو کۆمەڵایەتیو دەربڕینەکان فەرامۆش بکرێن. چونکی هەر یەکەیان بە پێی ئەو ئایدیولۆژیایەی کە باوەڕی پێیەتی کار دەکات، کە ڕەنگە لە بنەڕەتیشدا باوەڕی پێی نەبێت یان لە ژێر گوشاری پەیوەستێتیدا وتبێتی.

ئەمڕۆکە، وەك کارێکی فاشیۆنی، زۆربەی شاعیرەکان بە تایبەتی لاوەکان، دەقەکانیان ناوەخن کردووەو زۆربەیان نازانن بە چ کارنامەیەکی هونەریو ڕەخنەیی کار دەکەن، چونکە کەسانێك هەن پشتگیریان لێ دەکەن، شاعیریش لەم حاڵەتەدا بە هۆی بەرژەوەندیەکانیەوە پیویستی بە ڕیکلامو یارمەتی ئەو کەسانەیە، نەك چوونە نێو کێشە کۆمەڵایەتیو گەندەڵییەکانی کۆمەڵگا، کە ئەمە بە ئاشکرا جودایان دەکاتەوە لەو شاعیرانەی کە بایەخ بە ڕاستییەکانی ژیان دەدەن، چونکی ئەوەی دواییان، بە پێی کارنامەی ئایدیولۆژیایی یاکۆبسن، خویان دەبنە ئایدیولۆژیای ژیانی کۆمەڵایەتیو فیکریو سیاسی، بە نمونەی ئلیوت و جەیمس جۆیس و بێکەس و پیرەمێرد و...تد.

"سميح القاسم" لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ تۆڕی ایلاف، (چوارشەممە، 15ی سێپتەمبەری 2004) دەڵێت: شیعر گاڵتەجاڕی نییە بە فۆڕمی شیعرو شاعیریش چۆنی ویستو چۆنی خواستو چۆنیش داوایان لێکرد ئاوا شیعرەکەی بینا بکات (2:8). خۆ ئەگەر بچینە نێو ڕژێمی کاری دەستکەوتە (تکسب) لە سەردەمی عەباسییەکاندا، ئەوا تا ڕادەیەك جۆری پەیوەندییەکان سروشتی بوونو هۆکاری خۆشیان هەبوە، چونکی شاعیرێکی وەك (المتنبي) پێویستی بەوە نەبوو کە لە ڕێگەی "سيف الدولە"وە ناوبانگ دەربکات، بەڵکو شاعیر پێشئەوەی پەیوەندی بکات بە "سيف الدولە"وە شاعیرێکی گەورەو بەناوبانگ بوە. واتە گەر المتنبي ستایشی سيف الدولەی کردبێت، بۆ ئەو مەبەستە نەبوە کە دەوڵەمەند بێت، یان پلەو پایەیەکی گەورەی پێببەخشێت، بەڵکو کارەکەی زیاتر کارێکی پەیوەستێتی بوە، بەڵام ناحەزانی المتنبي کارێکیان کرد کە بۆشاییەك بکەوێتە نێوانیانەوە.

هەندێ لە شاعیرانی ئەمڕۆ بە کوردو عەرەبەوە پەیوەستییەکانیان لەپێناو ئایدیاو بارە کۆمەڵایەتیەکاندا نییە، بەڵکو بۆ دەرکەوتنی ناوە، یان پلەو پایەو... لە لایەکی تریشەوە خۆ ئەگەر المتنبي بە شاعیرێکی دەستکەوتە ناسراو بێت، ئەوا پێویست ناکات بۆ سەردەمێکی جیاوازو نوێ، هەمان هەڵە دوبارە بکەینەوە، بە پێی وتراوەی (الغاية تبرر الوسيلة). بەم پێیە ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبین، تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستێتی ئەمڕۆ لەسەر بنەمایەکی فەلسەفیو فیکریو ئایدیولۆژیایی بینا نەکراوە، بۆیە بە ئاشکرا دەبینین هەندێ لە هونەرمەندانو شاعیران پەنا بۆ کەسێتییەکی سیاسی دیاریکراو دەبەن، تا بەرژەوەندییەکانیشیان لە سەروو بەرژەوەندییەکانی ئەوانی ترەوە بێت.

بە پێی ئەم تیورە، ئەگەر شاعیرانی دەستکەوتە لەگەڵ شاعیرانی نادەسکەوتەدا ڕیزبەند بکەین، ئەوا بێگومان دەستکەوتەکان لە پێش نادەستکەوتەکانەوە دێن. مێژوونووس نیم بەڵام ئاگاداری مێژووم، شاعیرە عەرەبەکانی پێش ئیسلام لەگەڵ هەموو ئەو دوژمنایەتییەی کە لە نێو هۆزەکانیاندا هەیانبوو، ساڵانە وەك کارێکی ململانێ لە بازاڕی عەکاز شیعرەکانیان نمایش دەکرد. لەو سەردەمەدا (کە ناونراوە جاهيلى) کەسانێك هەبوون نرخی داهێنانی شیعریان دەزانی. بۆیە لەگەڵ هەموو ململانێکانی ئەو هۆزە جیاوازانەدا شیعرە سەرکەوتوەکان بە نمونەی شیعرە هەڵواسراوەکان (معلقات) بە ئاوی ئاڵتون دەنوسرانەوەو هەڵدەواسران بە دیواری کەعبەدا، کە پیرۆزترین فەزای

جێگەیی بوو بۆیان. لەمەش زیاتر ئیبن سلام الجمحی لە "طبقات الشعراء"دا بە عەفەوی بێت یان نا، شاعیرەکانی ڕیزبەند کرد بۆ چەند گروپێك، بەبێ ئەوەی ڕژێمێکی ئاینی یان سیاسی گوشار بخاتە سەر ڕیزبەندییەکەی.

ئێمەی کوردیش لە زۆرحاڵەتدا بەبێ چەندو چوون پشتگیری دەقێكو خاوەنەکەی دەکەین، کە ئەمە ڕامان دەکێشێ بۆ ئەوەی بڵێین: لە نێو مرۆڤدا بە گشتیو لای کورد بە تایبەتی سێ جۆر کەسێتی هەیە:

**یەکەمیان** پۆزەتیڤە، کەسێتییەکە بەپێی زانستە دەروونناسو پەروەردەییو کۆمەڵناسییەکان خاوەنی ئەم خەسڵەتانەی لای خوارەوەن:

– کەسێتییەکی بەرهەمهێنەرە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

– کەسێتییەکی کراوەیە لەگەڵ تێکڕای خەڵکیداو بە چاوی ڕێزەوە دەڕوانێتە بۆچونەکانیان.

– کەسێتییەکە خاوەن هاوێنەیەکی وردبینی تیژە، کە بە هۆیەوە دەتوانێت ڕاڤەی دەوروبەر بکاتو لە شتەکان تێبگاتو وەك تێبینەرێکی بزێو حەز دەکات پەیوەندییەکی دۆستانە دور لە بەرژەوەندی دروست بکات، تا گوتارەکەی ببێتە دروشمێکی گشتی بۆ هەموان.

– کەسێتییەکە بە هۆی سەرچاوە ڕۆشنبیریو مەعریفییەکانیەوە دەتوانێت لە مافو دادو دادپەروەریو کارنامەی تاك و تاکەکان تێبگات.

– کەسێتییەکە، بە بێ بەرامبەر، حەز بە خزمەت دەکات، لە زۆر دۆخیشدا لە پێناوی پرەنسیپدا خۆی بەخت دەکات، یان خۆی توشی کێشەی گەورە دەکات، وەك ئەوەی زیندان بە ماڵەوەی خۆی بزانێت.

– کەسێتییەکە هەڵسوکەوتی پیاوانەیەو بەرژەوەندی تاکەکان لەپێش بەرژەوەندی تاکی خۆیەوە دادەنێت..

– کەسێتییەکە چاو نەترسەو چاوپۆشی لە هەڵەو گەندەڵیەکان ناکاتو لە گوتارەکانیشیدا بێدەنگ نابێت.

– کەسێتییەکە قایل نابێت بە هەڕەشەی ناهەقان..

**دووهەمیان**: نێگەتیڤی، کە خاوەنی ئەم خەسڵەتانەی لای خوارەوەیە:

– کەسێتییەکە هەمیشە لە بازنەی دوژمنایەتیدا دەسوڕێتەوەو گەر دەستی بڕوات ئەوا ئارەزووی تۆڵەسەندنەوەی هەیە.

– کەسێتییەکە، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، لاوازە. هەمیشە حەزی بە زیانی خەڵکیو پوچەڵکردنەوەی پرۆژەکانە.

– کەسێتییەکە وەستاوەو باوەڕی بە گۆڕانکاریو شۆڕشە ڕۆشنبیریو مەعریفیو ئەدەبییەکان نییە.

– کەسێتییەکە هەوڵی پڕکردنەوەی بۆشاییەکان نادات بەڵکو بۆشایی دەخاتە نێو خەڵکیو ڕژێم و دەسەڵات.

– کەسێتییەکە مانای پەیوەستێتی و مەبەستێتی نازانێت، هەر زوو لە بازنەیەکەوە دەچێت بۆ بازنەیەکی تر بێئەوەی بیر لە ئەنجامی ئەم جێگۆڕکێیە بکاتەوە، بە لاشیەوە گرنگ نییە خەڵکی چی دەڵێن.

– کەسێتییەکە هەمیشە حەزی بە هەڵگیرساندنی ناکۆکی نێوان خەڵکی هەیە، لاریشی لەوە نییە کە چۆن بوختانیش بەبێ بەڵگە بە خەڵکی بکات.

– کەسێتییەکە هەمیشە لەنێو بازنەی دڵەڕاوکێو گرژیو توانج گرتندا دەژی. بێگومان ڕەخنەکانیشی لێرەدا بێ بنەمان.

**سێهەم**: کەسێتیی دووفاقە، وەك:

– دووفاقە لە هەڵسوکەوتدا بەپێی ئارەزو و بەرژەوەندییەکانی خۆی کە بە شێوەیەکی شاراوە لە دەروونی خۆیدا حەشاری داوە بۆ ئەوەی تاکەکان بە ئاسانی هەستی پێنەکەن.

– کەسێتییەکە هەمیشە لە بەرگی فێڵ و تەڵەکەبازیدا دەسوڕێتەوە، وا خۆشی نیشان دەدات کە خاوەن کەسێتییەکی داهێنەرو ڕێزدارو پەسەندە.

– کەسێتییەکە تەنها دان (اعتراف) بەو کارانەدا دەنێت کە خۆی باوەڕی پێیەتی و نزیکە لە بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆیەوە.

– کەسێتییەکە بەبێ هیچ پاساوێك ستایشی ئەم و ئەوی خاوەن دەسەڵات دەکات لە پێناو دەستکەوتێکی مادی، یان لە بۆنەکاندا ئامادەییان هەیە بۆ ستایش.

– کەسێتییەکە هەمیشە بە دوای هەلدا دەگەڕێت تا خوێنەری ئاسایی‌و خاوەن بڕیارەکان قایل بکات بەبێ ئەوەی دەقەکانیان لە ڕێگەی ڕێبازە ڕەخنەییە نوێیەکانەوە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

ئەم جۆرە کەسێتییە، کە مەبەستی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە، تێکڕا عیززەتی نەفسییان لاوازە، ئەوانەن کە بە زووترین کات مەبەستێتی‌و پەیوەستێتی‌و ئامانجە پیرۆزەکان پێشێل دەکەن، بەڵکو هەر زوو ڕابردوشیان لەیاد دەچێتەوە. ئەم جۆرە کەسێتییانە هەمیشە هەست بە کەم‌و کووڕی زانستی‌و دەروونی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی دەکەن‌و دەیانەوێت بە پێی تیوری "دوو فاقە" هاوسەنگییەك بینا بکەن تا لای تاکە ئاسایی‌و بەڵکو بەرپرسەکان خۆشەویست بن یان لای تێکڕای خەڵکی‌و بە تایبەتی گەنجان‌و لاوان خۆیان وا نیشان بدەن کە خاوەن توانایەکی کراوەن‌و ئاگاداری هەموو کەرەستەکانی هونەرو ئەدەب‌و شیعرو مێژوون.. لە بۆچوونەکانیاندا ئازایەتی‌و بوێریی (الجراءة) بوونی نییە، تەنها لە ڕێگەی خوازەو خواستن‌و هێماو پرسیارەوە کار دەکەن تا بەرپرسێتی وەڵامەکان بخەنە ئەستۆی تاکەکانی ترەوە. چونکی لە بنەڕەتدا ئەم کەسێتییە کەسێتییەکی داخراوەو ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵگاکەی لە ڕووی سیاسی‌و فیکری‌و کۆمەڵایەتییەوە کار ناکاتە سەر ویژدانی، هەمیشە شانازی بە خۆیانەوە دەکەن‌و تاکەکانی تریش چەندێ بەهێزو بەتوانا بن، ئەوا لای ئەمان پەراوێز دەخرێن.

ئەم کەسێتییە هەمیشە کاردانەوەیە، نەك کار، ئاڵۆزو نادیارە نەك سروشتی. لە ئاینیشدا بە ڕیاکەر ناسراوە. ڕیاکاریش ئەوەیە کە خواپەرستەو لە ناوەرۆکیشدا پێچەوانە، کە دەبنە هۆی تێکدانی نرخی مرۆڤایەتی‌و کوشتنی بەهرەو داهێنان. بە مانایەکی ڕونتر ئەم جۆرە کەسێتییانە لە ناوەوە کەسێتییەکی بودەڵەی نەخوێندەوارن‌و ئاگاداری نەك تەنها ئارکیۆلۆژیای نەتەوەکەی خۆیان نین، بەڵکو ئاگاداری سەرچاوە ئاسایی‌و هەرە بەنرخەکانی مێژووی ئەدەبەکان‌و ڕێبازە ڕەخنەییە کۆن‌و نوێکان‌و تیورە ئەدەبییەکان نین، کە ئەمە کاردانەوەیەکی نێگەتیڤانە دەخاتە سەر کەسانی تر تا بە هەمان شێوەو شێواز بکەونە وێزەی نووسین‌و نوسینکاری، ئەمەش وا دەکات خودی ئەم خاوەن دەقانە، بە شێوەیەکی ئەکادیمی‌و زانستییانە، بێدەسەڵاتن لە ڕاڤەکردنی مەبەست‌و تەکنیك‌و قەبارەو وێنەو دەربڕینەکان(2:14).

ڕەخنەگرێکی وەك هلمسلیڤ هەمیشە جەخت لەسەر پەیوەندی فۆرم بە ناوەڕۆکەوە دەکاتەوە. ئەو فۆرمەی کە بە دوای ناوەرۆکەکەیدا دەگەڕێت تا بتوانن بە جووتە گوتارێکی مەعریفی ڕۆشنبیری و فیکری و... تد بینا بکەن(43:3)، خۆ ئەگەر کارەکە بەم ئاقارەدا نەڕوات ئەوا تۆڕی وێنەو یەکەی برگەکان پەیوەندیدار نابن، دواتریش پێوەرو قەبارەو کێشی دەقەکە بەرەو ونبوون دەڕوات‌و هەچ هێڵکارییەکیش کرابێت بۆ ئەو دەقە ئەوا بێسود دەمێنێتەوە، چونکی لەم حاڵەتەدا فۆرمەکە دەیەوێت بە زۆرەملێ گوشار بخاتە سەر ناوەرۆك، لێرەشەوە هەڵەکان سەرهەڵدەدەن، هەر لەبەر ئەمەشە شیعر لای شاعیرە دووفاقەکان ئاڵۆزو بێمانایەو دەیانەوێت، وەك جبرار جینیت دەڵێت: تەحایول لە خوێنەر بکەن گوایا کارەکانیان هونەری‌و داهێنانەو لەسەر ئاستێکی قووڵ بینا کراون. بەڵام کە دەگەڕێین بە دوای لۆجیکی

دەقەکـەدا ئـەوەمان بـۆ ڕوون دەبێتـەوە کـە دەقەکـە لەسـەر بنەمایەکی خێراو کاڵو کرچ بینا کراوەو لە زۆر کاتیـشدا خـودی خاوەن تابلۆکە ونەو بەڵکو بوونی نیە..

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کـە دووفاقـە بـە مانـای لادان (الانزیاح) نایەت، چونکە لادان لـە زۆر ڕووەوە ئـەژمارێکی باشـی بـۆ کارەکـەی کـردوە ئینجـا دەتوانێـت هەڵـسێ بـە کارنامەیـەکی نـوێ، جیـاواز لـەوەی پێـشوو (بـۆ زیـاتر بڕوانـە لێکۆڵینـەوەی: الانزیـاح في شـعر حـاجی قـادر کـویي، د. ظـاهر لطیف کـریم، گۆڤـاری سـەردەمی عـەرەبی ژمـارە 9/ 2005). بـەڵام لای دووفاقـەکان کێـشەکە کێـشەی لاوازیـی توانـا جەسـتەییەکانی مانـا مـەعریفیو فەلـسەفیو ڕۆشـنبیری فیکرییـەکانی شـاعیرە، کـە دەیـەوێت لـە ڕێگـەی ستراتیژییەتەکەیەوە بیسەلمێنێ بۆ دەزگاکەی یان خوێنەرە گشتییەکە کە هەر وشەیەکی فەلسەفیەکەیە کـە بۆخـۆی ڕاستییەکە پێچەوانەی ئەمەیە.



پۆرتریتی شکسپیر

زانا سایکۆلۆژیو سۆسیۆلۆژییەکان بەم شێوەیە پێناسـەی دووفاقـەکان دەکـەنو دەڵـێن :خـاوەن دەقەکـەو نامەکەی لە نێو جێگیریو ناجێگیریـدا دەسـوڕێتەوە.. بـە هـۆی بێئاگابوونیـان لـە زانـستی سـەردەم – ڕەخنـە، هونەر... " خەسڵەتی ڕێبازەکان تێکەڵ بە یەك دەکەن، توانای جیابوونەوەی جیهانی ماتریـالیزم و نموونـەییان نییە.. ئەم دڵەراوکێو ناگیرییە بە لای ئـەم زانایانـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ لاوازی توانـستی کۆمەڵایـەتیو سیاسـیو ئابووریو هونـەریو پەیوەنـدییان بـە گەشـەی ڕۆشـنبیری سـەردەمەوە.. ئاگـاداری ئـەوە نـین کـە ئـەم گەشـەیە یەکلایەنە نییەو تەنها بە تاك ئەنجام نادرێت، ئەم تاکە پێویستی بە یارمەتیو پشتگیری تاکەکانو ژینگە هەیـە.. بۆ نمونە شکسپیر بە هەموو داهێنانەکانیەوە ئەگەر بابەتەکانیو دۆخەکانی دەوروبەر نەبوایـە ئـەوا نـەدەبوو بـەو کەسـێتییە لێهـاتووە بەناوبانگـە. واتـە ئەگەرچـی تـاك توانـای چـالاکییەکانی ژیـانی هەیـە لـە هێـزی لێهـاتوویی دەربڕینی هەستو نەستی خۆی و خەڵکان ، بەڵام ئەگەر ژینگە یارمەتیدەر نەبێ، ئەوا ئەو چالاکییانە بـە زمـانو ئاخاوتنو فیکریەوە بێبەها دەمێنێتەوەو گۆڕانکاری لەسەر ئاستی تاکەکانو کۆمەڵدا ناکات.

تاك لەپێناو کۆکردنەوەی تاکـەکان پێویـستی بـە سەرچـاوەو واتایـەکی ڕۆشـنبیری گـەورە هەیـە تـا بتوانێـت کەسـانێك دروسـت بکـەن وەك مایکـڵ ئینگلـۆ، ئەینیـشتاینو فرۆیـدو ئێلیـوت... و بیکەنـە پێـشەنگی تیـۆرو میتۆدەکـان.. لـە لایـەکی تریـشەوە هەنـدێك وای بـۆ دەچـن کـە ڕەخنـەگرو خوێنـەرە نمونەییـەکانیش بەرامبـەر هەڵوێستەی کەسێتییە دووفاقەکان بێدەنگن شتێك بە نووسینو سیمینار پێشکەش ناکـەن تـا باوەڕێـك دروسـت بکەن کـە پێویـستە جـارێکی تـرو تـریش بـچینەوە بـە دەقـی خـاوەن دوو فاقەکانـدا تـا کارەکـان نەبنـە کـارێکی هەرەمەکیو ئەوەی ویستی بە مەیلو ئـارەزووی خـۆی هێڵکـاری بـۆ بکـات. زانایـەکی وەك کـارل پۆپـەر جـەخت لەسەر ئەوە دەکات کە جیهان بوونی خۆی هەیـەو کێشەی خۆیـشی هەیـە، دەقـی بـاش هەیـەو دەقـی خـراپیش هەیە.. هەموو خاوەن دەقێکیش پێویستە وریایانە ئاگاداری جۆری کارنامە و پەیوەندییـەکان بێـت، تـا لـە خـۆڕا مامەڵە لەگەڵ بابەتو ڕووداوەکاندا نەکات(272:16).



به پێی ئەم زانایە تواناکان پێویستە لە ڕێگەی سەرچاوە مەعریفیو ڕۆشنبیرییەکانەوە ئەنجام بدرێت، چونکی بەرهەمهێنەر لە بنەڕەتدا بە شێوەیەکی نادیار پەیوەندیدارە لەگەڵ کەرەستەو نەخشەو هێڵکارییەکانی وێنەی تاکو کۆی دەقەکەی.. ئەم کارەش لە پێناو قایلکردنی خوێنەرە گشتییەکەدایەو دەیەوێت بیسەلمێنێت کە ئەم جۆرە بەرهەمهێنەرە لە گۆشەیەکی جێگیربوودا نییەو هەوڵی دەربازبوونی خۆی دەدات لە دووفاقی. ماری دۆگلاس دەڵێت: گەرچی تاک بەهۆی هێزی تاکی خۆیەوە وێنەکانمان بۆ دەکێشێ، بەڵام هۆکاری سەرکەوتنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێژەی بەرامبەر (تاکەکان–خوێنەر)، کە لە دوایەوە پشتگیری دەکەن(190:15).

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێ کە شاعیر لە نێو دوو کەوانەی جیاوازدا دەژی .. شیعرو شیعریەت یان ناشاعیرو ناشاعیرییەت .. شاعیر بۆ ئەوەی لە گەمەی ئەم دوو بازنە جیاوازە ڕزگاری بێت، پێویستی بەوە هەیە کە چۆن لە ڕێگەی سەرچاوەکانیەوە خۆی ڕوشنبیر دەکات، تا بتوانێت بەراوردێك بکات لەگەڵ ڕژێمە کۆمەلایەتیو سیاسیو فیکرییەکانی خۆیو دەوروبەر. بۆ نمونە: پێویستە سود لە وانەکانی مێژووی ئەفسانەو مێژووی واقعو پیاوچاکو تەنانەت دیکتاتۆرەکان ببینرێت. زۆر لە شاعیران توانای خۆنزیکخستنەوەیان هەیە لە ڕژێم بە تایبەتی دەستەڵاتدارەکان ، بەڵام بە هۆی بەراووردو ئەزموونەکانەوە نزیك نابنەوە. بۆ نمونە، با شاعیرەکانمان سود لە ئەزموونی شاعیرە نمونەییەکانمان ببینن کە چۆن دوورەپەرێز بەڵکو بە هەڵوێستیش نزیك نەبونەوە لە ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق، چونکی گەشبین بوون لەوەی ئەم ڕژێمە پێویستە بە شێوەیەك لە شێوەکان کۆتایی پێ بێت، چونکی پێشتر سودیان بینیوە لە پەیوەندیکارانی هیتلەرو مۆسۆلۆنیو کەسایەتی تریش کە بە هەمان شێوە کۆتاییان پێهاتو چەپڵە لێدەرەکانیشیان بە شێوەیەکی ناشایستە دەربەدەر کران.. ئەمەش بەهۆی ڕێژەی ڕادەبەدەری بەرژەوەندییە مادییەکانی خۆیان بوو کە فریای سەرچاوەکان نەدەکەوتنو ئەنجامەکەشی بەرەو دووفاقی بردون، کە دەسەڵاتداران چەند هەوڵی سڕینەوەی ئەو ناپەیوەستییەیان بۆ بدەن، ئەوا ڕزگاریان نابێت لە حوکمی مێژوو و گەل و شیعرییەت.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو ڕێژەیەی کە شاعیر بۆی دانراوە ڕێژەیەکی زۆر بەرفراوانە کە بۆشاییەکی دروست کردوە لە نێوان دەقو مەسەلەکانداو کاریگەرە بە شێوەیەکی نێگەتیڤی بەسەر خاوەنەکەیەوە. بۆ نمونە، ڕەنگە زۆر لە ڕەخنەگرانو دۆستانو خوێنەران نیگەران ببوون لەوەی گۆرانو ئیبراهیم ئەحمەد شیعریان بۆ عبدالکریم قاسم وتوویەو بە هۆی ئەم کەسێتییەوە ئەو شیعرانەیان لاواز بوو بێت، بەڵام ڕێژە مەعریفییەکەی ئەم دوو شاعیرە لە ئاستێکدا بووە کە شیعرییەتی خۆیانیان لەدەست نەدا، لەبەر ئەوەی قاسم گەرچی ئێمەی کورد کێشەشمان هەبوو لەگەڵیدا، لە بنەڕەتدا پیاوێکی نیشتمانپەروەر و دۆستی هەژارانو کرێکارانو گەل بوو.. بە مانایەکی تر ئەم دوو شاعیرە کە شیعریان بۆ قاسم وت، لەبەر ئەوە نەبوو خەڵات بکرێن یان نزیك ببنەوە لە ڕژێمو وەرگرتنی پلەو پایە. بەڵکو دەیانزانی کە شیعرەکەیان بە زیادە ناڕواتو مێژووش لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکات.. هەمان نمونە بۆ شێرکۆ

بێکەس کە شیعری بۆ بارزانی وتوە، کە شێرکۆ هیچ کات، ئەوەندەی من ئاگادار بم، پەشیمان و پاشگەز نییە لەو شیعرەی، چونکی دەیزانی کەسێتی ئەم سەرکردەیە کەسێتییەکی نمونەییە لە لای تێکڕای خەڵکی و زەمەن، هەوڵەکانیشی تەنها بۆ خزمەتی گەل‌و نیشتمان بوو.

بەم پێیە بینای مەعریفی‌و ڕۆشنبیری شاعیر هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ڕزگاربوون لە کەسێتی دوو فاقی، چونکی ئەم جۆرە شاعیرو نووسەرانە لە بنەڕەتدا کاری بەراوردیان بەکارهێناوە لەنێوان ڕژێمە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییە نمونەییەکان‌و ڕژێمە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییە ماتریالیزمەکان. مێژونوسەکان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە زۆرینەی شاعیران بە عەرەب‌و کوردەوە تووشی چەندین نەهامەتی‌و برسێتی‌و لێدان‌و گرتن‌و دوورخستنەوەو تاراوگە بوون تەنها لە پێناو مەبەستێتی ئایدیاکان‌و دورکەوتنەوەیان لەپرنسیپی دووفاقی ..

خۆ ئەگەر شاعیر هەر بۆ ئەوەی بڵێن شیعری بۆ فلان بۆنە یان ڕوداو نووسیوە، بەڵام دواتر بە هۆی هەڵسەنگاندنە سیمانتیکی‌و سیمیائییەکانەوە دەرکەوت کە شیعرەکەی تەنها بۆ چەواشەی تێکڕای خەڵکەکە بووەو بە وشەو ڕستەکانی گەمەی بە شیعرییەت کردووە، ئەمانە دەچنە قاڵبی گاڵتەجاڕی شاعیرە دووفاقییەکانەوە کە ئەنجامەکەی بێگومان ئابڕووچوونە لە ڕووی هونەرو فیکرو ئایدیاوە.. ئەمەش ڕاماندەکێشێ بۆ ئەوەی گومان دروست بکەین لە شیعرەکانی تریشیدا، تەنانەت لیریکییەکانیشی‌و دابەزینی ڕێژەی کەسێتییەکەش..

یەکێکی تر لە هۆکارە سەرەکییەکانی لاوازی‌و دووفاقی دەگەڕێتەوە بۆ ترازاندنی ئەم جۆرە شاعیرانە لە قەبارە بنەڕەتییەکەی خۆیان. لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە ناونیشانی (الوقفة والنقلة عند هردی –گۆڤاری پەیڤین ژمارە 2003\10 ) ڕوونمان کردۆتەوە کە هەردی خاوەنی توانایەکی شیعری بەهێز بوو، شارەزاییەکی باشی لە زانستی سەرواو عەروزدا هەبوە، ئاگاداری ئەدەبی کوردی و عەرەبی و جیهانی بوو .. هەمیشە وای دەخواست کە لە نێو بازنەی قەبارەکەی خۆیدا بسوڕێتەوە.. ڕاستگۆیانەش دەسوڕایەوە، بەڵام کە کێشەی قەبارەکەی بەرەو کردنەوە چوو، لە شیعر وەستاو شیعری نەوت.. ئەمەش بەڵگەی ئیفلاسبوون نەبوو، بەڵکو پارێزگاریکردن بوو لە کەسێتی قەبارەکە کە ئەم قەبارەیە بە مانا دەلالیەکەی بریتیە لە پەیوەندی نێوان یەکەکانی نێو دەق بە شێوەیەکی جێگیر(45:2) لە پێناو پاراستنی هێزی پەیوەستێتی شاعیر بە مەبەستێتیەکەیەوە.

واتە، هەردی لە دوای وەستانی شیعرو کردنەوەی گرێ کوێرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و سۆزداری، دەیتوانی بەردەوام بێت لەسەر نوسینی شیعر ،بەڵام شاعیر ئەم جۆرە شیعرانەی بە شیعر نەدەزانی. هەمان شت بۆ ئیبراهیم ئەحمد، لە پێناو ئەوەی خۆی نەدات بە دەست قەدەری دووفاقیەوە شیعری زۆری نەوت، چونکی کارەکانی تری جگە لە شیعر توانیان بۆشاییەکانی بۆ پڕ بکەنەوەو شیعرەکانیش بەو چەندێتیە کەمە بە نەمری بمێننەوە.. ئەمەشیان دەچێتە نێو خانەی پارێزگاریکردن لە کاری مەبەستێتی هەر وەك چۆن تیورەکەی دالمبرت ئاماژەی پێ داوە لە کاتێکدا دەڵێت ئەگەر چرکەساتێکی زەمەنی لە یەك کاتدا کەوتە ژێر گوشاری هێزی دەرەکی و لاوەکی، ئەوا جۆرێك لە ڕاگرتن دروست دەبێت. واتە هاوتەریبی نێوان دۆخە دەروونی‌و بابەتە مەبەستدارەکە. خۆ ئەگەر هاوتەریبییەکە دروست نەبوو بە هۆی ونبوونی هێزێك لەو دوو هێزە –دەرەکی و لاوەکی– یان هەردوکیان بەیەکەوە، ئەوا بێگومان لە لایەکەوە شیعرەکە لەدایك نابێت، لە لایەکی تریشەوە ئەگەر شاعیر گوشار بخاتە سەر خۆی لە پێناو زیادکردنی ژمارەی شیعر یان وتن ئەوا دیسانەوە بێگومان ئەو شاعیرە دەچێتە خانەی شاعیرە دووفاقەکانەوە.

لە ڕوانگەیەکی ترەوە شاعیر بەوە کێشی داهێنان‌و هونەری بەرز نابێتەوە گەر هات‌و لە یەك کاتدا خۆی بخاتە نێو داوی چەند مەبەستێتییەکەوە کە ئەمە دوور بوو لە یاسای شیعری مامۆستا ئیبراهیمەوە (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە

لێکۆڵینەوەمان بە ناونیشانی سیمانتیکای پەیوەستێتی لە شیعرەکانی ئیبراهیم ئەحمەدا – گۆڤاری ئایندە ژمارە – 74– ). نمونەیەکی تر کە لە چەند لێکۆڵینەوەیەکدا دوبارەم کردۆتەوە، گۆران بۆ یەك قەبارە لەدایك بوو ،هەر ئەو قەبارەیەش کردی بە شاعیرێکی مەزنی هەمیشە زیندوو. بەڵام دوای پەیوەندی کردنی بە ڕێبازێکی فیکری چەپ – کۆمۆنیست– لە زۆر حاڵەتدا کەوتە ژێر گوشاری ئەم ڕێبازەو لە ئەنجامدا لە هەندێك شیعردا لاوازیەك لە ڕووی هونەری‌و ئیستاتیکیەوە سەری هەڵدا.. بە مانایەکی تر –ئەگەر برادەران لێم زویر نەبن– قەبارە بنەڕەتیەکەی گۆران ڕێبازێکی سیاسی فیکری نەبوو، بەڵکو گوران بۆ کوردستان‌و سروشتی کوردستان‌و جوانی ئەم سروشتەو جوانی ئافرەتەکانی خوڵقابوو..

لێرەدا بمانەوێت یان نا، بە پێی ڕێبازە ڕەخنەییەکان گۆران ناتوانێت لەهەمان کاتدا بۆ چەند قەبارەیەك کار بکات ،یاکوبسن دەڵێت "یەکێك لە خەسڵەتەکانی مەبەستێتی بۆ یەك قەبارە ئەوەیە کە نابێت گوشار بخەینە سەر شاعیرێکی داهێنەر بۆ ئەوەی بە زۆرەملێ شیعر بنووسێت." (13:5) واتە شاعیر لە پێناو پاراستنی قەبارەکەی پێویستە ئاگاداری یاساکەی نیوتن بێت (کارو کاردانەوە).. ئەم کارو کاردانەوەیە ناتوانێت لە یەك کاتدا بە کاری یاساکەی هەڵسێت وەك ئەوەی ئەو هێزەی کە یەکسانە لە نێو کارو کاردانەوەداو پێچەوانەیە لە ئاراستەدا، واتە ناتوانێت لەهەمان کاتدا بەیەك ئاراستە کار بۆ چەند مەبەستێتییەك بکات، چونکی ململانێکە لە بنەڕەتدا لەیەك بازنەدا دەسوڕێتەوە وەك ئەوەی کارەکان هێما بن بۆ سیفەتە نێگەتیڤەکان و کاردانەوەکانیش هێما بن بۆ سیفەتە پۆزەتیڤەکان.. لە هەموو حاڵەتەکانیشدا هەردووکیان لەبەر ئەوەی بۆ یەك مەبەست کاردەکەن، یەکسانن لە ڕێژەو دژن لە ئاراستەدا، بەڵام ئەگەر هاتوو ژمارەی مەبەستێتی‌و قەبارەکان زیادی کرد، ئەوا نازانین کامیان یەکسانە لە ڕێژەو کامیشیان دژە لە ئاراستە.

بەش بە حاڵی خۆم، سەبارەت بە گۆران، ئەمە لە ڕوی سیاسییەوە بە هەڵەیەکی مەعریفی شاعیر دادەنێم. هەڵەکەش لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شاعیر پسپۆڕ نەبوو لە بواری سیاسەتدا، بەڵکو گوشارێك یان هەڵوێستەیەك وای خواست کە نابەدڵ بچێتە نێو جیهانی سیاسەتەوە، (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە چیرۆکی پەیوەندی شاعیر بە سیاسەتەوە لە شیعری "بەندیخانە"کەیدا). بە بیستن و خوێندنەوە ئاگاداری ئەوەم کە برادەرانی گۆران گلەیی ئەوەیان لە شاعیر کردوە کە بۆچی بە شیعر شیوەنی بۆ کۆچی "ستالین" نەکردوە.. گۆرانیش لە وەڵامدا دەڵێت "زۆر گریام بەڵام گریانەکەم نەبوو بە شیعر". ئەم وەڵامە زۆر یەکسانە بە دێڕە شیعرەکەی گۆران خۆی لە کاتێکدا دەڵێت: ئەو خەیاڵەی پێی مەستم بۆم ناخرێتە نێو چوارچێوەی هەڵبەستم.. بۆ هەردوو حاڵەتەکە، بەپێی تیورە زانستییەکان وەك: تیوری کێش‌و قەبارە، تەن‌و بەرگری، تیورەکەی دالمبرت‌و کارنۆ، هێزی پاراستنی وزە، کۆمەڵەی هێزەکان (مجموع العزوم)، کارو کاردانەوە... ئەم شیعرانە نابێت لەدایك ببن.

کولیرج دەڵێت "شاعیری ڕۆمانسی خاوەنی ڕاستییەکی زۆر قوڵە، کەس ناتوانێت یەکسانی بێت جگە لەوانەی کە وەك خۆیانن (55:7). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەروەك لوسیان گولدمان لە تەکوینیەدا باسی لێوە دەکات، کە بینای ئەم تەکوینییە لە بنەڕەتدا لەو گریمانەیەوە دەستپێدەکات کە هەر دۆخێك لە دۆخەکانی هەڵسوکەوتی مرۆڤایەتی خۆی لە خۆیدا هەوڵدانێکە بۆ کاردانەوەی هەڵوێستەیەکی دیاریکراو بۆئەوەی جۆرە هاوسەنگێتییەك دروست ببێت لە نێوان خودی بکەرو بابەتەکەی (44:4). کە مەرج نیە هەمیشە ئەو هاوسەنگییە لە دەقدا ڕوبدات لەبەر:

– هەر واقیعێکی کۆمەڵایەتی گەر هات‌و نەیتوانی لە ڕێگەی هەستەوە (وعي) بچێتە نێو دەق ئەوا ئەو دەقە دەقێکی سەرکەوتوو نابێت.

–بنـەمای سـەرەکی هەسـت هۆکـارێکی سـەرەکییە بـۆ سەرخـستنی دەق، بەپێـچەوانەوە، دەق بـەرەو ئاکـارێکی ناسەرکەوتوو دەبات.

–ڕاڤەکردنی واقعی دەوروبـەرو ژینگـەی دەرەوەی دەق، دیـسانەوە هۆکـارێکی سـەرەکی بـۆ تیگەیـشتنی دەق لـە هەموو ڕووییەکەوە، بە پێچەوانەوە دەقەکە بەرەو داخران دەبـاتو بـۆ هـەر برگـەو یەکەیـەك نـازانین خـاوەن دەق چـی پێویستەو بەدوای چیدا وێڵە..

خـۆ ئەگـەر شـاعیر لـە ناخـدا بـەهۆی کارلێنـەکردن (اللاتفاعـل) لەگـەڵ بازنـەی دەرەوەدا کـە بابەتەکەیـە توشـی حاڵەتێکی ناجێگیریو دەروونی بوو، ئەوا بێگومان بەرهەمەکەشی بەهەمان شێوە بە ناجێگیریو ناواقعی دەمێنێتـەوە، کە ئەمەش دوورە لە هەڵوێستەی شاعیرێکی ڕاستەقینەی داهێنەری وەك گۆرانەوە. لەلایەکی ترەوە گەر گۆران سەر بە ڕێبازی ڕۆمانسی بێت، ئەوا بەرگەی ئەوە ناگرێت کە بابەتەکەی دوابخات بۆ کاتێکی تر، بەڵکو هەر زوو ئارەزووی ئەوە دەکات چی پێیە وەریبگێڕێتە سەر شیعر(55:9). لەبەر ئەم هۆیانە ئەگەر هاوکێشەو هاوتـەریبیو کـارلێکێتی ڕاسـتەقینە ببوایە لەنێوان گۆرانو ئایدیا سیاسییەکەیدا، ئەوا دەبوو گریانەکە ببوایە بە شیعر، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی بۆشـاییەك لـە سەرتاوە دروست بوە لە نێوان شاعیرو ئایدیاکەیدا، واتە پەیوەندییەکەی بە ئایدیاکەیەوە بە بڕواییـەکی پەیوەسـتێتی دروست نەبووبو، ئەوا ئەو گریانەش نەدەگوێزرایەوە بۆ شیعر، شاعیریش لەبـەر ئـەوەی ڕاسـتگۆ بـوو لەگـەڵ کەسـێتی خۆیدا گوشاری نەخستە سەر خۆی بۆ ئەوەی شیعرەکە بنووسێت، کـە ئەمـە هـەروەك پێـشتر ئاماژەمـان پێـدا بـە لای جیرارد جینێتەوە بە کاری تحایل لە قەڵەم دەدرێت، واتە خۆ دەربازبوون لە مەسەلەکە بەبێ ئەوەی بەرامبەر زویر یـان نیگەران بکات..

ئەمەش بەلای منەوە بە کارێکی پرۆتۆکۆلی لە قەڵەم دەدرێ نەك پەیوەستێتی.. واتە هەموو دەقێك لـە ڕێگـەی دوو هێزی سەرەکییەوە لەدایك دەبێت، یەکەمیان دەرەکی دووهەمیان ناوەکی، خۆ ئەگەر هێزە دەرەکییەکە، لە نمونەکەی گۆراندا مردنی ستالین، لاواز بێت ئەوا هێزی ناوەوە چەند بەهێزیش بێت ناتوانێت کارلێکێك –تفاعـل– دروسـت بکـات، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر هێزی دەرەکی بەهێز بوو وەك نمونەی "خەیاڵەکەی" گۆران، بـەڵام هێـزی نـاوەوە ئامـادەیی تێدا نەبوو بۆ وەرگرتنی کۆدو داتایەکانی ئەو خەیاڵـە، ئـەوا دیـسانەوە شـیعرەکە لـەدایك نابێـت .. لـە لایـەکی تـرەوە سەبارەت بە شیوەن نـەکردنی گـۆران بـۆ سـتالین، ڕەنگـە بگەڕێیتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە گـۆران وەك ڕونـاکبیرو خـاوەن ئەزمونو سەرچاوەیەکی مەعریفی ناوەوەو دەرەوە ئەو هەستەی لا دروست بووبێت گەر شـیعرەکە بنووسـێت ئـەوا لـە لایەکەوە دەچێتە خانەی شاعیرە دووفاقەکانو بـەهای کەسـێتی لاواز دەبێـت، لـە لایـەکی تریـشەوە بـەپێی زانیارییـە شاراوەکانی خۆی دەیزانی مێژوو لە ئایندەدا چۆن باس لە ستالین دەکات..

بەم پێیە وەڵامەکەی گۆران خۆ قوتارکردن بوو لە کێشەی دووفاقەو ئایندە.. من لێرەدا لەگەڵ ئەو ڕایانەدا نیم کە دەڵێت هەموو کارێك خۆی بۆ خۆی سیاسەتە وەك کڕینی شمەك لـە بـازاڕداو پڕوپاگەنـدە بـۆ کـارێکی ئـابووری... خـۆ ئەگەر لە پاڵ ئەمانەدا ڕژێمێکی مەعریفیو ئەزمونگەری نەبێت، ئەوا هەر زوو جـەردەکانی بـازاڕ دەسـتمان دەبـڕن یـان پڕوپاگەندەکان بەرەو ئاکـارێکی نێگـەتیڤمان دەبـەن.. گـۆران گەرچـی بـە لای زۆرینـەی هاوڕێکانیـەوە بـە شـاعیرێکی ڕیالستی سۆشیالیستانە ئەژمار دەکرێت، بەڵام ئەمە ئـەوە ناگەیـەنێت کـە ئـەم ڕێبـازە ئەدەبییـە گـۆڕانی کردبێـت بـە شاعیر، چونکی داهێنانی ڕاستەقینەی گۆران لە شیعرە ڕۆمانسییەکانیدا بەدی دەکرێت.. گۆران، بەر لەوەی بچێتە نێـو گروپێکی سیاسی دیاریکراوەوە، شاعیرێکی گەورە بوەو شیعری سیاسی بەرزیشی بۆ گەلەکەی نووسـیوە، وەك: قالـە مرد، شەهید (هەڵۆ بەگ)، دەمی ڕاپەڕینە، کوردستان.

بۆیە، لێرەدا، شاعیر هیچ پێویستییەکی بە ڕیکلامی ئەمو ئەو نەبوە، بە پێچەوانەی هەندێ شاعیری عەرەبی وەك: السیاب یان البیاتی، کە سودێکی باشیان لەو ڕیکلامانە بینی. بۆ نمونە: البیاتی لە قۆناغی یەکەمی پەیوەستێتی سیاسیداو بە پێی ڕیکلامەکانی گروپەکەی بە شاعیرێکی شۆڕشگێڕ ئەژمار دەکرا، بەڵام کە شیعری ئەو سەردەمەی دەخوێنیتەوە وەك شیعری "العرب اللاجئون" ئەوا تێبینی ئەوە دەکرێت بە ئاشکرا کە لە ڕووی زمان و پێکهاتەی وێنەکانەوە زۆر کلاسیکییە.. کە ئەمە وای لە ڕەخنەگران کرد بە شاعیرێکی داڕشتنی لە قەڵەم بدەن، چونکی ماوەی بۆشاییەکە لەنێوان کارە شۆڕشگێڕەکەی‌و زمان‌و پێکهاتەکان‌و پەیوەندییەکانیەوە زۆر فراوانە (بۆ زیاتر بڕوانە فی الشعریة، کمال ابو دیب :(75–79).

لە ڕوانگەیەکی ترەوە، گریمان سەرچاوە مەعریفی‌و ڕوشنبیرییەکان خۆیان سیاسەتن، ئەوا دواتر پێویست ناکات تەنها گۆران بناسین لە ڕووی سیفەتێکی سیاسییەوە، ئەدەبیش سیاسەتە، ئافرەتیش سیاسەتە سروشتیش سیاسەتە.. بەمەش قەبارە بنەڕەتییەکەی گۆرانمان لێ ون دەبێت .. گۆران وەك هەموو شاعیرێکی ڕۆمانسی زیاتر حەزی بە تەنیایی‌و گۆشەگیری‌و نامۆیی‌و غەمی تایبەتی خۆی دەکرد.. کە ئەمانە یەك ناگرنەوە لەگەڵ قەبارەیەکی جیاوازی تردا کە سیاسەتە.

لە جیهانی پسپۆڕپی ئەمڕۆدا، ململانێیەك هەیە لەنێوان بابەت‌و کەرەستەکاندا.. دیراسەکردنی ڕۆشنبیری سیاسی خۆی لە زانستی سیاسیدا دەبینێتەوە.. تێکەڵبوونی سیاسەتیش بە جیهانی ئەدەبەوە لەیەك قەبارەدا خاڵی دووفاقی دروست دەکات، چونکی هەر یەکەیان قەبارەیەکی جیاوازن‌و هەریەکەشیان کێشی تایبەتی خۆی هەیە. واتە کاری سیاسی پێویستە چەکێکی سەرەکی نەبێت بۆ ڕاڤەکردنی کارێکی ئەدەبی، چونکی بنەماکانی سیاسەت لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی ترو لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر بەرەو گۆڕانکاری دەچێت، بەڵام ئارکۆلۆژیای ڕۆشنبیری‌و ئەدەبی لە ڕووی زەمەنەوە دەستکاری ناکرێت، هەروەك چۆن ئاینی ئیسلام بە هەموو هێزێکیەوە دەستکاری نمونەکانی شیعرە هەڵواسراوەکانی نەکرد، بەڵکو وەك میراتێکی نەتەوەیی پارێزگاریشی لێکردن، هەتا ئەمڕۆکەش شانازیشیان پێوە دەکات.

لە لایەکی ترەوە، لە سیاسەتدا تەنانەت لە یەك کۆمەڵگادا تووشی چەندین ململانێ‌و کێشمەکێش دەبین، بەڵام بۆ ئەدەبەکە هەموو کۆکین.. یان نۆرمە (معیار) سیاسییەکان دیاریکراون‌و توانای گواستنەوەیان هەیە لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر بەبێ دەستکاری.. بەڵام بۆ ئەدەبەکە، ڕاستە گواستنەوە هەیە، بەڵام ئەدەبیاتی ڕۆمانسی‌و ڕیالستی ڕوسی ئەدەبیاتی ڕۆمانسی‌و ڕیالستی ئینگلیزی یان کوردی نیە.. هۆکارەکەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کەلتورو چەمکە نەتەوایەتییەکەی هەر یەکێك لەو ئەدەبانەو پارێزگاریکردن لە بوون‌و کەسێتی خۆی. من لێرەدا نامەوێت ناوی کەس بزڕێنم‌و دەقەکانیان بخەمە ژێر میجهەری ڕێبازە ڕەخنەییە نوێیەکان بە هەموو نمونەو لقەکانیەوە.. بەڵام خوێنەری نمونەیی خۆی دەتوانێت لە ڕێگەی ئەم ڕێبازانەوە بە شێوەیەکی بابەتییانە دەستنیشانی دەق‌و شاعیرێکی سەرکەوتوو بکات.. لەهەمانکاتیشدا دەستنیشانی دەق‌و شاعیرێکی ناسەرکەوتوی دووفاقی بکات.. بەڵام تێکڕا ئەو دەقانەی کە دەچنە ژێر خانەی دووفاقییەوە، لادانێك لە سەرچاوەو ئیستاتیکای فۆڕم‌و فیکرو تایبەتمەندی دەقەکە دەکەن وەك ئەوەی بە مەیلی خۆیان دەنگ‌و وشەو ریتم دروستدەکەن، کە پەیوەندی نییە بە وێنەو بڕگەکانەوە..یان هەر یەکەیان کارێکی سەربەخۆیەو و ئاگاداری کاری دراوسێکانی تری نییە کە ناتوانن بینایەکی کاریگەر لەسەر کارنامەکانی شیعر دروستبکەن، خۆ ئەگەر دوورکەوتینەوە لە ڕژێمی پەیوەندی‌و کارنامەکان، ئەوا بێگومان ئەم جۆرە دەقانە بەرەو ئاڵۆزیمان دەبەن.

ئەمەش ڕاماندەکێشێ بۆ ئەوەی کە مەرج نییە ئەوەی شاعیر بیڵێ یان بینووسێ خەڵکانی تر هەستی پێنەکەن، بەو پێیەی شاعیر بوونەوەرێکی گەورەیەو خاوەن زهنێکی ڕۆشنبیریو فیکری بەرزە کە خوێنەر ناتوانێت هێماو وێنەو بڕگەو تێبینییەکانی ڕاڤە بکات.. بەمەش خاوەنی ئەم دەقە دووفاقییانە دەیانەوێت دوو جیهانی جیاواز دروست بکەن، یەکەمیان: کە خۆیانن مەبەستیانە بێ بەڵگە بیسەلمێنن کە شیعرەکانیان پڕە لە کۆدو ریتم و پرسیاری بێ وەڵام.. دووهەمیان: خوێنەرێکی سادەی نانموونەیی کە خاوەنی ئەم جۆرە دەقانە حەز بەم جۆرە خوێنەرانە دەکەن بۆ ئەوەی کۆدو لاشەی دەقەکانیان بە نائاشکرایی بمێننەوە و ڕژێمی سیاسی و کۆمەڵایەتیش بۆ خۆیان ڕابکێشن.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**


1. الاثر اللساني في الدراسات الادبية / حسن مسكين .
2. ادونيس منتحلا/ كاظم جهاد، مكتبة مدبولي، 1993.
3. الالسنية ،علم اللغة الحديثة ، قراءات تمهيدية، ميشال زكريا، المؤسسة الجامعية للدراسات / بيروت / الطبعة الاولى, 1984.
4. البنيوية التكوينية والنقد الادبي، لوسيان كولدمان ، ترجمة/ محمد سبيلا، مؤسسة الابحاث العربية ، بيروت، الطبعة الاولى، 1984.
5. البنيوية وعلم الاشارة، ترنس هوكز، ترجمة مجيد الماشطة، مراجعة ناصر حلاوي، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافية العامة – بغداد، 1986.
6. البنيوية والنقد الادبي وملحق بكتاب البنيوية التكوينية والنقد الادبي لمجموعة من النقاد الفرنسيين ،ترجمة ابراهيم المظيف، مؤسسة الابحاث العربية ، بيروت، 1984.
7. الرومانتيكية، محمد غنيمي هلال، الطبعة السادسة، دار العودة ، بيروت ، 1981.
8. سميح القاسم، حيث اكون تكون القصيدة العربية، لقاء ايلاف، عدد / الاربعاء/ 15.، 2004.
9. الشحنة الديناميكية في الابداع الرومانسي بين Shelley ، گوران ونازك الملائكة – دراسة مقارنة – د. نيان نوشيروان فؤاد، دار سردم للطباعة والنشر – الكتب العربية (5).
10. في الخطاب السردي، محمد الناصر العجيمي، نظرية قريماس، الدار العربية للكتاب، 1993.
11. في الشعرية، كمال ابو ديب، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت لبنان– الطبعة الاولى، 1987.
12. النقدية الحداثية، دراسة في نقد النقد، محمد عزام–منشورات اتحاد الكتاب العرب–دمشق، 2003.
13. النقد الموضوعاتي على الأسس والمفاهيم ، محمد بلوحى .
14. الهدف الغائب عن حركات التغيير مقاربة تفكيكية لبنية الاجهزة السياسية والادارية، احمد دراج
15. Cultural Bias in : Douglas , in the Active Voice .Mary Doglas ,London .,1982
16. Epistemology without a knowing subject ,karl Popper, jerry H.Gill ,ed philosophy today ,no 2,Newyork ,1969.